# بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)و ساڵیادی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

**محەمەد ئەمین عارف***

دیارە مێژووی دروستبوون و گەشەسەندنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەدەر نییە لە رابردووی ئەم گەلەو ئەویش چەندین کۆسپ و تەگەرەو هەوراز و نشێوی بەخۆوە دیوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێژوەکەی پڕە لە سەروەریی چونکە بە درێژایی تەمەنی شەست و شەش ساڵەی خۆی خزمەتێکی بێ پایان و شایانی بەچەندین نەوەی یەك لە دوای یەکی ئەم شارە کردووە. بەسەدان و هەزارانی بەزانست و زانیاری و گیانی نەتەوەو نیشتمانپەروەریی پەروەردەو گۆش کردووە. بەو بۆنەیەوە شەست و شەش هەزار گوڵ پێشکەش بەهەموو ئەوانە دەکەم کە: کەم تا زۆر لە رابردوودا خزمەتی ئەو کتێبخانەیەیان کردووە و ئەوانەش کە ئێستا بەردەوامن لە خزمەتکردنی .

یەکێکی تر لەو سەروەرییانەی کە مێژوو بۆ ئەم کتێبخانەیەی دەنووسێ، دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەکاری کتێب و کتێبخانەدارییەوە . دیارە لە مێژووی دوورو نزیکی ئێمەدا ، تاك و تەرا رۆژنامەو گۆڤاری زانستی تایبەتمەند بەرچاو دەکەون و هێشتا نەچووینەتە ناو بوارە پسپۆڕیە جیاجیاکانەوە تا بۆ هەربوارێك رۆژنامە یان گۆڤارێکی تایبەتمەندمان هەبێت.

(ئاسۆی کتێبخانە) ئاوەڵاکردنی ئاسۆیەکی گەش و روونی زانست و زانیاریە لە ڕووی پێداویستیە بنەڕەتی و بنەما سەرەکیەکانی کتێب و کتێبداری و کاری کتێبخانەکان لە کوردستاندا بەگشتی.

ئەم بڵاوکراوەیە ئەگەرچی بەقەبارە بچووکە، بەڵام لە هەر ژمارەیەکیدا، جیهانێك لە زانست و زانیاری تایبەتمەندی لەخۆگرتووە.

دەتوانم بڵێم دەزگایەکی ئەکادیمی راستەوخۆیە کە هەموو کتێبخانە گشتییەکان، بەهەموو بەشەکانیانەوە دەتوانن لێی سوودمەند بن.

ئەو بابەتانەی کە بەتێڕوانینی من تا ئێستا بابەتی سەرەکی بوون لەو بڵاوکراوەیەدا، بریتی بوون لە:

- سەرجەم ئەوانە کە تایبەتن بە کتێبخانە تایبەتی و گشتیی و تایبەتمەندەکانی کوردستان و جیهان.
- کتێب و مێژووی کتێب و ناساندنی کتێب و دیزاین و شێوازی کڕین و فرۆشتن و ..هتد.
- خوێندنەوە: جۆرو شێوازەکانی و کاریگەرێتی لەسەر هزرو تەنانەت جەستەی مرۆڤیش.
- بوارە زانستییەکانی کاری کتێبداری ، وەك : پێڕست و پۆلێن و بیبلیۆگرافیاو..هتد.
- بەشی منداڵان و گەشەپێدانی بەشەکان یان کتێبخانەکانی تایبەت بەمنداڵان.
- رۆڵ و کاریگەری ئەمینداران و فەرمانبەرانی کتێبخانەو بەرپرسی بەشەکان لەسەر بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان . .
- سەرەڕای هەواڵ، بیرەوەری و چەندین بابەتی هەمەجۆری تر ...... هتد.

وێڕای دەستخۆشی لە سەرجەم هەموو ئەوانەی کە ماندوونەناسانە رۆڵیان لە دەرچوواندنی ئەم بڵاوکراوەیەدا هەیە، بەپێویستی دەزانم کە بەمەبەستی زیاتر گەشەکردن و بەرزترکرنەوەی ئاستی زانستی و پەرەپێدانی زیاتری یەك دوو سەرنج و تێبینی خۆم لەسەر رۆژنامەکە بخەمە ڕوو:

١. دیارە بەمەبەستی کەمترین تێچوون و گونجاندن و تێدا جێکردنەوەی زۆرترین بابەت لە بڵاوکراوەکەدا ، هەوڵ دراوە کە بابەتەکان بە فۆنتی زۆر بچووك بنوسرێن ، ئەمەش وایکردووە کە خوێنەر زوو ماندووبێت لە خوێندنەوەی و بەتایبەتیش ئەوانەی کە چاویان کزە کەمتر دەتوانن سوودی لێ ببینن، بۆیە پێشنیازدەکەم کە *بێ ئەوەی گۆڕان بەسەر قەبارەی* بڵاوکراوەکەدا بهێندرێ ، یان هەرجارەی بە قەبارەیەکی جیاواز دەربچێت، *تەنیا ژمارەی لاپەڕەکانی زیاد بکرێت* .

٢. دیارە کێشەی سەرەکیی ئەم رۆژنامەیە، نەبوون یان کەمیی بودجەیە، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە :

- چیتر بەخۆڕایی دابەشنەکرێ و سیستەمی فرۆشتن رەچاو بکرێ ، ئەگەر بەسەپاندنیش بێ هەر نەبێ بەسەر گشت بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەکان و کتێبخانە گشتیەکاندا، چونکە ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتە بەسەرجەم بوارەکانی کتێبداری و کتێبخانەداری و کاروباری رۆژانەی کتێبخانەوەو تاکە سەرچاوەیەکیشە لەو بوارانەدا کە کارمەندان و فەرمانبەرانی کتێبخانەکان بتوانن راستەوخۆ سوودی لێ ببینن
- هەروەها بۆ تاکیش، رەچاوی سیستەمی بەشداربوون بکرێ و مانگانە ئابوونەیان لێ وەربگیرێ .
- ئەگەر کاری ریکلامیش بکات ، بەڵام بەشێوازێکی شایستە بەخۆی، دیسان دەتوانێ سەرچاوەیەکی تری داهات بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

دووبارە هەردوو یادی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و (ئاسۆی کتێبخانە) پیرۆزبێت.

***ئەمینداری کتێبخانە لە کتێبخانەی گشتیی رانیە**



## چەند وشەیەك بۆ یادی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و (ئاسۆی کتێبخانە)



**شێخ سەعید شاکەلی***

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ کتێبخانە گشتییەکاندا زۆربەی ژیانمی داگیر کردووە، لەدامەزراندنی کتێبخانەی گشتیی کەلارەوە بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، قۆناغی هەڵچوونی ژیانم لەگەڵ کتێبخانەدا بوو، ئەو سەردەمەو بەئێستاشەوە، زۆربەی کاتەکانم بۆی تەرخان کردووە، هەمیشەیش مامۆستا(دیلان)ی شاعیرو شۆرشگێڕو مرۆڤ (کە ئەوکات بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی بوو، قەزای کەلاریش سەر بەپارێزگای سلێمانی بوو) بە مامۆستای خۆم ئەزانم و هاندەری راستەقینەم بووە لەبواری خزمەتکردن بە کتێب و کتێبخانەو نووسین و هونەر، ئەو شەوانەی لە شاکەل بوو، ئەو رۆژانەی گوێم لە رێنماییەکانی ئەگرت و هیچ کاتێ لەیادم ناچێ و یادی بەخێر، لێرەشەوە ئەڵێم یادی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەخێر.

* (ئاسۆی کتێبخانە) بڵاوکراوەیەکی زۆر خۆشەویستە، بۆ خزمەت کردنی کتێبخانەو کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان و رۆڵێکی زۆرچاك ئەبینێ بۆ پەرەپێدانی کتێبخانە گشتییەکان کە لەکۆتاییدا ژێرخانی نیشتمانپەروەریی گەشە ئەکات و بنیاتێکی زۆر بەهێزی ئەبێ و بۆ ئێستاو بانەرۆژیش زۆر گرنگە. بوونی کتێبخانەو کتێب بەڵگەیە بۆ شارستانییەت و گەشەپێدان، لەهەرکوێیەك بێت.

من بەوردی ژمارەکانی بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە) دەخوێنمەوەو گرنگییەکی باش ئەدات بە زانستی کتێبخانە گشتیەکان کە لەئێستادا زۆر پێویستە؛ بەتایبەت کە کتێبخانە گشتییەکان هەنگاوی باشی ناوە، دەستخۆشی بۆ خاوەن بیرۆکەکەی و ئەوانەی کە بەڕێوەی ئەبەن ماندوو نەناسانە کاری بۆ ئەکەن، بەتایبەت برای بەڕێزمان کاك یاسین قادر بەرزنجی کە رێبوارێکی ماندوونەناسی پڕ خزمەتە بۆ کتێبخانە گشتییەکان، لەیادمە ئەوکات گەنج بووین هاوکارم بوو، ئێستاش کە تەمەنم بەرەو لێژی ئەڕوات ئەو هەمان گڕوتینی ماوە، پیرۆزبایی و خەرمانی پڕ بەرەکەت.

* هیوام وایە سەرکەوتووبن و ساڵانی داهاتوو زیاتر پڕ خزمەت بن، شایەنی خۆیەتی وەزارەتمان و لایەنی پەیوەندیدار بەئێمەیشەوە هاوکار بین و هەوڵدەین (ئاسۆی کتێبخانە) زیاتر گەشە بکات.

*** ڕاوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

# ستافی (ئاسۆی کتێبخانە) لە بڵاوکراوەکەیان دەدوێن

**ئاری بابان، بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و (ڕاوێژکار)ی ئاسۆی کتێبخانە:**

تاوەکو ئەمڕۆ، (ئاسۆی کتێبخانە) تاکە بڵاوکراوەیە بایەخ بەبواری زانستی کتێبخانەکان بدات و هەوڵی جدی و باش بدات بۆ بڵاوکردنەوەی.

هۆشیاری دەربارەی کتێبخانەو چۆنیەتی بەکارهێنانی و سوود لێ وەرگرتنی، کە ئەم بابەتە دەگمەنە لە بواری رۆژنامەنووسی و ئەدەبیاتی کوردی دا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە وەك تاکە بڵاوکراوەی پسپۆڕ لەبواری زانستی کتێبخانەکان، دەتوانم بڵێم نەك تەنیا کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەڵکو هەموو کتێبخانەکانی کوردستان سوودیان لەو



**ئاری بابان**

زانستانە وەرگرتووەو رۆڵێکی زۆرباش بووە بۆ ئەو کارمەندو پسپۆڕانەی لە بواری کتێبخانەدا کار دەکەن.

**شێرزاد سەعید محەمەد، مامۆستای بەشی کتێبخانەکان و (ڕاوێژکار)ی ئاسۆی کتێبخانە:**

لەدایك بوونی (بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانە) لە کات و ساتێك بووە کە تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە جیهاندا لەوپەڕی گەشەکردنیدایە، ژمارەی کتێبخانەکان لەڕووی جۆرو ژمارە لەزیادبووندایە، چەندەها رێکخراوی تایبەت لە جیهاندا بەبوارەکە دامەزراوە، هەروەها چەندەها گۆڤارو رۆژنامە لەجیهان و ناوچەکەدا بە زمانی جیاجیا بڵاودەکرێتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ کوردستان کە لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر گرنگی بەبواری کتێبخانەو زانیارییەکان دراوەو ژمارەی کتێبخانەکان روو لەزیادبوونە، ئەمەش وایکرد کەبیر لە کردنەوەی بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و هەولێر بکرێتەوە، ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەو کادیرانە پێویستیان بەشارەزایی زیاترو تازەگەریی هەیە لەبوارەکەدا، دیارە ئەمەش پێویستی بەسەرچاوە هەیە.



**شێرزاد سەعید محەمەد**

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەسەرچاوەی زانیارییەکاندا (ئاسۆی کتێبخانە) ئەو سەرچاوەیەیە کە توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو بە بابەتە زانستی و بەپێزەکانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات و هاوکارێکی باشی خوێندکارو مامۆستایانیش بێت لە وانەکان و توێژینەوەکانیان.

ئێمەش بۆ بەردەوام بوون و گەشەکردنی ئەو بڵاوکراوەیە، بەڵێن دەدەین کەبەردەوام هاوکاری ئەو بڵاوکراوەیە بین، چ وەك راوێژکاری بڵاوکراوەکە، چ بەنووسینی بابەت. هیوادارین حکومەتی هەرێمیش زیاتر پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی بڵاوکراوەکە بێت. (ئاسۆی کتێبخانە)ش هەر ئاسۆی روون بێت.

**خاتوو ساکار عەلی عەبدوڵڵا، (ئەندامی ستافی کارا):**

–(ئاسۆی کتێبخانە) هێڵێکی پەیوەندیی بەهێزی نێوان کتێبخانەی گشتی و کارمەندان و هامشۆکەرە خاوەن مەبەستەکان و مامۆستاو خوێندکارانی بەشی زانیارییەکان و کتێبخانەکانە.. ئەم بڵاوکراوەیە ئەزموونێکی زۆر باش بوو، لەمێژووی سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی عێراقدا، یەکەمین کتێبخانە ئەم دەروازە رۆژنامە نووسییەی بەرووی خوێنەرانیدا کردبێتەوە (کتێبخانەی گشتیی سلێمانی) بوو، ئەویش



**ساکار عەلی عەبدوڵڵا**

بە هەوڵ و کۆششی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکان و بەڕێز کاك (یاسین قادر بەرزنجی)یە کە ئەرکی زۆربەی ئەم بڵاوکراوەیەی لەئەستۆدایە، هیوای سەرکەوتن دەخوازم بۆ هەموو کارەکانیان.

بڵاوکراوەکە زۆر سەرکەوتووە، هەموو ژمارەکانی رازاوەیە بەبابەتی تایبەت بە بوارەکەو هەندێ زانیاریی تریش، هەروەها خوێنەر دەبینێت کە دیزاین و وێنەکان و رەنگ بەشێوەیەکی تەکنیکی ئەندازەیی دانراون، بەرەو (ئاسۆ)ی گەشتر..

**خاتوو تابان حەسەن هادی ، (ئەندامی ستافی کارا):**

ئەم بڵاوکراوەیە توانیی لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا خزمەتی بەرچاو بەخوێنەرانی بکات و ئەوەش مایەی هەموو خۆشحاڵییەکی ئێمەیە، پاشانیش بە ستایلێکی نوێی دابەشکردنەوە مانگانە دەگاتە سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان، لە زاخۆوە تا خانەقین، هاوکات هەر بێ بەرامبەر دەگاتە ژمارەیەکی زۆر لە کتێبخانە فەرمییەکانی ترو مامۆستاو خوێندکاری بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لە پەیمانگا تەکنیکییەکانی کوردستان.

پێم وایە فاکتەرێکی گرنگە بۆ خوێنەرەکانی و ژمارەیەك لەنووسەران و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە



**تابان حەسەن هادی**

تا پەرە بەپسپۆڕیی بوارەکانیان بدەن.

من کە کارمەندێکی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانم و وەك دەرچوویەکی بەشی کتێبخانەکان توانیومە بەهۆی ئەم بڵاوکراوەیەوە زیاتر پەرە بەزانیاریی خۆم و کاری رۆژنامەنووسیی بدەم، دیارە هاندانی برای بەڕێزم (کاك یاسین) رۆڵی هەبووە لەبەدیهێنانی ئامانجەکەمداو هەمیشە هەر گەشاوە بێ بەرهەم و بەخششەکانی کتێبخانەمان، کە ئەوە ئاواتی کارمەندەکانێتی.